کۆشکی سپی نووسینگەی
سکرتێری ڕۆژنامەوانی

15ی نیسانی 2015 بۆ بڵاوکردنەوەی دەست بەجێ

بەیاننامەی وتەبێژی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بێرنادێت میهان لەسەر کۆبونەوەی جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بۆ پەیوەندی ستراتیژی بینجامین رهۆدس لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگای مەسیحیەکانی عێراق

ئەمڕۆ لەکۆشکی سپی جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بۆ پەیوەندی ستراتیژی بینجامین رهۆدس لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگای مەسیحیەکانی عێراق کۆبوەوە. بەڕێز رهۆدس بەرچاوڕونی دایە شانەکە لەسەر گتفوگۆکانی دوێنێ ی سەرۆکی ئەمەریکا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی و پێشکەوتنەکان لە هەڵمەتی نێودەوڵەتی ڕوبەڕوبونەوەی داعش، وەگوێی لەشانەکە گرت سەبارەت بەو ئاستەنگە گەورانەی ڕوبەڕوی کۆمەڵگای مەسیحی دەبنەوە لەعێراق. بەڕێز رهۆدس دوپاتی پابەندی سەرۆکی ئەمەریکای کردەوە بۆ یارمەتیدانی هەموو کۆمەڵگا فرەچەشنەکانی عێراق بە مەسیحی و سابیئەی مەندائی و شەبەک و ئێزیدی و هەروەها کەمینە ئاینی ئیتنیەکانی تریش. هەروەها ئاماژەی بەنیگەرانی قوڵمان کرد بۆ ئەو هەڕەشانەی داش دروستی دەکات بۆ سەر ئەو کۆمەڵگایانەو هەموو خەڵکی عێراق.